نووسینی : ئۆوبەری تێرلەندی پیتس

وەرگێڕانی : انور عمر محمد

دیمەنەکە :

«چێشتخانەیەك لە خانوویەکدا–ئاگردانەکە ئاگری دەسوتێ ، مێزی نان خواردنێك هەندێ گەڵاّ کەلەرمی لەسەرە لەگەڵ دوو سێ سەلك پیازداو ، لەگەڵیشی . . هتد .

. . . دەرگای چێشتخانەکە نیمچە کراوەیە»

«رێبوارێك دەچێتە ژوورەوەو چاوێك بە سەرانسەری چێشتخانەکەدا دەگێڕێ»

رێبوارەکە : ئاخۆ ئەم خانووە چ جۆرە خەڵکێکی تیا دەژی؟

تۆ بڵێی ژەمێکی نان خواردنی تیا دەست کەوێ؟! ئەو مەنجەڵە گەورەیە چی تێدایە؟ ، بزانم . **.سەری مەنجەڵەکە هەڵ دەداتەوە) . .هیچ . . ئەی ئەم بوتڵە . .هەڵی دەگرێو تەماشای دەکا ، ئینجا تامی دەکات)** .ئەمە شیوە . . . ئێی . . . وادیارە بەخت فریای مرۆڤ ناکەوێ تا لەم شوێنەدا سۆراخی ژیانێکی ئەوتۆ بکا ، تەنانەت پیاوقوتیەکی بچووکیشی دەست ناکەوێ تا مانگاکەی تیا بدۆشێ بزانم ئەم سەنووقە چی تێدایە .(دائەچەمێ بۆ ئەوەی سەرقاپەکەی بەرزکاتەوە)سەیرە کلیل دراوە . . . **(لووتیل کونی کلیلەکەوە نزیك دەکاتەوەو بۆنی دەکا)** . . **ئاە بۆنێکی خۆشە ، بەڵام بەچی ئەچێ؟ . . ئێی . . . با لەسەری دانیشمو کەمێ پشوو بدەم** . .(خۆی **هەڵدەداتە سەر سەنووقەکەو لەسەری دادەنیشێ ، نەختێکی پێ دەچێ گوێی لە غەڵبە غەڵبو قیقەی مریشكو ترپە ترپی پێ دەبێ)** . . .

سەیرە ، ئەم فەرتەنەیە چی‌یە ، چی

رووی داوە لە جیھاندا ، کێ بڕوا دەکا خواکان بۆ ڕاو دەرچن .

دەنگی سی : چۆن گوێ بگرە ، دەبوایە ئەم کەلینەت پڕ کردایەوە . . . خودایە . . ئەو مریشکە بە نەعلەتە بووەستێنە دەڵێی ھەڵۆیە مەیەلە بە سەر سەر بانی پووشەکەدا بفرێ .

دەنگی جۆن : ئێ چی بکەم دەستم نایە سەری ، لە ژێر دەستم پرتەی کردو فڕی .

دەنگی سی : لە باخچەکەدایە بۆ خۆی بەو پەری شادی‌یەوە دەگەڕێ . . جۆن دوای کەوە . . دەشتێکی پانو بەرینی لە پێشە . . . دەترسم دەرباز بێ .

ڕێبوارەکە : ئەوە خۆ بانگی کرد (سی) . . . سەیرە ، گوایە ئەم شوێنەی کە ئێستا منی تیادام ماڵی **(سی کونیل) یە؟** ئەگەر وابێ ئەوا بەدبەختی منە . . دەرچوونم لەم ماڵە گەلێ گرانترە لە ھاتنە ژوورەوەم . . . زۆرم دەربارەی ئەم ژنە بیستووە ، پیسکەو بەدخووە ، تەنانەت مشك‌و کێچەکانیش دەردی پیسکەیی‌یان چێشتووە . . بە ڕاستی ئەم ھاتنەی من بۆ ئێرە ڕێکەوتێکی خەفەت ھێنە . لەم ماڵەوە تا ئەو شوێنەی مەبەستمە نە کوێرە دێیەکی لێیە ، نە ماڵێك نە وێستگەیەك . مەسافەیەکی دوورو ھیچیشم پێ نی‌یە لەم گەشتە درێژەدا فریای وورگمی بخەم .

(گیرفانم ھیچی تیا نیە **«گیرفانی بەتاڵ دەکاتە سەر مێزەکە»**

ئەو پاپەکەمە ئەویش بەتاڵە ، تووتنیش نی‌یە پێی پڕکەم ، ئەمەش دەستە سڕەکەمە کە لە ئاھەنگی نان خواردنی شێودا بە دەستەم کەوت کە بە بۆنەی تاج لەسەر نانەوە سازکرا . ئەمە کێردەکەمە کە جگە لە مشتکەکەی ھیچی لێ نەماوە . . ئەمەش لەتێ نانە ، لەپاشماوەی دوا ژەمی نان خواردنمەوە کە بەدەستم کەوت ھەڵم گرتووە . . ھەموو سامانی جیھانم ئەمەیە ، ئەم بەردە بچکۆلەیەشم پێ‌یە کە لە ڕێگا ھەڵم گرت بۆ ئەوەی لە سەگەوەر خۆمی پێ بپارێزم ، **(یاری بە بەردەکە دەکا)** . . . جاران بەئاسانی خواردنم وە دەست دەھێنا ، گەلێ دۆست‌و برادەرم دەناسی ، پیاو ، ئافرەتی بە ساڵاچوو ، کچی گەنج‌و جوانو . ئێ‌ی ھەموویان ڕۆیشتن . . . ڕۆیشتن . .

(جارێکی دیکە دەنگە دەنگ‌و ھاواری مریشکەکە دەبیسێ)

دەنگی سی : جۆن بیگرە ، بە دەوری دەوەنەکەدا دەخولێتەوە . . تۆڕەکە بە کاربێنە . . دوو دڵ مەبە . . مەترسێ . .

(گوێ‌ی لێیە دەنگی مریشکەکە دەتاسێ)

ڕێبوارەکە : وادیارە خۆیان بۆ نان پێگەیاندن ئامادە دەکەن ، بێگومان ئەم ئێوارەیە کەسێك دێتە میوانییان ، ھا ، کێ دەزانی ، لەوانەیە میوانەکە من بم . نازانم چۆن گێمەکە لەگەڵ خانمی ئەم ماڵەدا دەست پێ بکەم . زۆر بێ بەزەیی‌یە ، سەگ لەو میھرەبانترە ، ئەگەر پیاو چاکانیش بە پێ خاوسی لەبەر دەمیا بوەستن‌و شتێکی لێ داوا بکەن پێیان دەڵێ بڕۆن ڕۆژێکی تر وەرنەوە ، . ئێستا دەبێ بە خۆم بەستم . . بەزمان لووسیم . . **(تەماشای بەردەکەی دەستی دەکا)** دەزانم ئەم بەردە کاری خۆی دەکا . منیش دەتوانم کەڵکی لێ وەرگرم ، بۆ ئەوەش پێویستم بە زیرەکی نی‌یە **(ھەڵدەبەزێ‌و یاری بە بەردەکە دەکا)** . ئەگەر پیلانەکەم بەم شێوەیە سەری نەگرت ، جۆرێکی تر بەکار دێنم ، من دەتوانم بە زیرەکی خۆم ڕوو بە ڕووی ھەموو جیھان بوەستم . (گۆرانی دەڵێ)

ئەو شۆربایەك بۆ تۆ ئەی پیر
ئەوە شۆربایەك بۆ تۆ
ئەوە قەرنابیتێك بۆ من
شورباکە بۆ تۆ قەرنابیتەکە بۆ من
گۆشتەکەش بۆ جاکی کرێکار
ھیوادارم لێ بوویتەوە ئەی پیری ڕووت
ھیوادارم لێ بوویتەوە ئەی پیر
ھیوادارم لێ بوویتەوە
تا شوو بکەم بە جاکی بە ھێزی ھەژاری کرێکار
تا شوو بکەم بە جاك
تاشوو بکەم

دەنگی جۆن : (لەدەرەوە) . . دەی بیھێنە ژوورێ ، بیھێنە سی ، وەخت نەما ، درەنگە دەبێ شێو بۆ قەشەکە ئامادە بکەین .

دەنگی سی : نا توانی دەقیقەیەك چاوەڕوان بی؟

(جۆن دێتە ژوورێ)

جۆن : **(کوت‌و پڕ ڕێبوارەکەی دەکەوێتە بەر چاو)** . . **نەمدەزانی کەس لەماڵەوەیە** .

ڕێبوارەکە : کەمێ لەمەو پێش ھاتمە ئێرەوە ، ڕێگەی دوورو درێژکە شەنگی کردووم . لە بەیانی‌یەوە تامی زادم نەکردووە .

جۆن : بابزانم ، ڕەنگێ شتێکت بۆ بدۆزمەوە **(مەنجەڵ‌و پاتیلەکان دەگەڕێ)** . بەداخەوە ھیچ نیە . . . وا بزانم ئەم سەنووقە شتێکی تیایە بەر دڵت بگرێ . **(کلیلێك ھەڵدەگرێ کە لەو پشتەوە لەناو ئاگردانەکەدا شاردراوەتەوە)** . .

سەنووقەکە دەکاتەوە ، بوتلێك‌و پارچە ئێسقانی رانە بەرازێکی لێ دەردێنێ هەندێ گۆشتی پێوەیە ، هەندێکی لێ دەبچڕێ)

سی :(دێتە ژوورەوەو مریشکێکی سەربڕاوی بە دەستەوەیە)

جۆن :(کەسی دەبینێ ، ئێسقانەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ)

سی :جۆن دوای ئەوەی ئەم هەموو وەختەت بەفیڕۆدا دەبێ پەلە بکەم . . . نازانم تۆ بۆ مریشکە پیرەکەت لە جیاتی ئەم مریشکە نەگرت خۆ لە بەردەمت‌دا گڵەکەی هەڵدەکۆڵی .

جۆن جا جیاوازیان چی‌یە؟!

سی :مریشکە پیرەکە کەڵکی نەماوەو لە هێلکەوە چووە ، نەنکی هەموو مریشکەکانانە ، پێنج ساڵە دانی دەدەم ، بەس نیە!

جۆن :کەواتە گۆشتەکەی وەك ئەم تەڕو پڕ نی‌یە ، بە پێویستی سەرشانی خۆمانم دەزانی کە خۆشترین خواردن پێش‌کەش بە میوانەکەمان بکەین .

سی :بۆ دەتەوێ من زیانم لێ بکەوێ؟ (پاشان کێ پێ‌ی ووتی کە تامی گۆشتی دوو مریشك لەسەر مێزی نان خواردن جیاوازە .

(دەست بە ڕووت کردنەوەی مریشکەکە دەکات)

هەر چۆنێك بێت هەندێ خزم‌و دۆست بە هەلی دەزانن ئەرکی ئەم جۆرە ئیشەم بخەنە سەر کاتێ یەکێ دەمرێ . . بۆ خۆشیان بیانوومان زۆرە .

جۆن :تووڕە مەبە ، هیوادارم چەند پارچە گۆشتێکت هێشتبێتەوە تا لەگەڵ مریشکەکەدا دای بنێین .

سی :تکایە وازم لێ بێنە ، من خۆم دەتوانم خوانەکە ئامادە بکەم‌و چۆنم بوێ بیسازێنم ، رانە بەرازێکی خوێ‌کراو لە سەنووقەکەدایە .

(ڕێبوارەکەی بەرچاو دەکەوێ) . . بەڵام ،چی دەبینم؟ ئەوە کێ‌یە لەوێ : ها ، سواڵکەر . . کابرا گوێ بگرە ، تکات لێ دەکەم ئەگەر ماوەمان بدەێ بچیتە دەرەوە ، هیچمان نی‌یە بتدەینێ .

(هەڵدەسی‌و دەرگاکەی بۆ دەکاتەوە) . . دەی .

ڕێبوارەکە :(لێ‌ی دێتە پێشەوە)خانمەکەم تۆ بە هەڵەدا چووی ، من نەهاتوومەتە ئێرە بۆ ئەوەی داوای شتێکتان لێ بکەم ، بەڵکو خۆم شت دەدەم بە خەڵك ، هیچ پەلە مەکە . . هیوادارم لەم ماڵەدا بە جوانی پێشوازیمان لێ بکەی .

سی :سەیرە ، بەڵام لە سواڵکەر دەچی . . ئەگەر وانی‌یە ئەی کارو پیشەت چی‌یەو چۆن نان پەیدا دەکەی؟

ڕێبوارەکە :خانمەکەم ، سواڵکەر ناتوانێ بێتە ئەم شوێنە ڕێك‌و پێکەو هیچیش لە خانمێکی سەلارو سەنگینی وەك تۆ داوا ناکات ئەگەر سواڵکەر بوایەم دەچووم لە ڕێگاو بان‌و کۆڵانەکان‌دا لەپم لەو خەڵکە پان دەکردەوە کە تەنانەت یەکێ لەم ڕەوشتە جوانانەی تۆیان تیا بەدی ناکرێ .

سی :باشە ئێستا چیت دەوێ ، ئەگەر شتێکت دەوێ بیخۆی ئەوا هیچمان نی‌یە بتدەینێ ، چونکە چەند پیاوێکی گەورە دوای کەمێك دێنە سەردانمان‌و لێرە شێو دەکەن ، ئەوەی ئامادەم کردوە هەر بەشی وورگی ئەوانە .

ڕێبوارەکە :جا من داوای هیچم کردووە؟ نەخێر خانم من داوای هیچم نەکردووە من لە گۆشتی مانگاو کێکی پڕ لە مێوژو کیسە ئارد باشترم پێ‌یە .

سی :چی؟!

ڕێبوارەکە :(لە ژێر لێوەوە) ئەم شتەی کە پێش‌کەشیان کردم کە **بەردەکە یاری دەکاو لە دەستیا وەری دەگێڕێ) . . وابزانم پێویست ناکا لەوە زیاتر باسی بکەم** .

سی :بەجۆن ،تۆ لەو بڕوایە دای ناسیاوی لە هاوڕێکانی (سدهی)هەبێ؟

جۆن :تۆ هەمیشە بیرت بۆ لای ئەوان دەچێ ، هەر لەو کاتەوە کە وایان لە (مولی) کرد کە بەرێکەوت پارچە زێڕێکی نێژراو لە نزیك پردی (لمیرك) دا بدۆزێتەوە . . . بە هەر حاڵ بەرای من ڕێکەوت‌بوو . . . من ئێستا بەشتێکی سەیری دا نانێم . . . ئەم بەردەی ئێستا لای ئەم پیاوەیە هیچ ناگەیەنێ .

ڕێبوارەکە :ئەوەی لە ڕواڵەتی ئەم بەردەدا بەدی‌ی دەکەی لە نهێنی‌و کاریگەری شاراوەیی جیاوازە .

جۆن :جا دەتوانی چی بکا؟!

ڕێبوارەکە :زۆر شت . . . دەتوانم باشترین‌و خۆشترین ژەمی نان خواردنی بۆ خۆم ، پێ دروست بکەم . ئێستا لە پێش چاوتاندا تاقی دەکەمەوە .

سی :چەند حەز دەکەم بەردێکم دەست کەوێ ئەم جۆرە شتەم بۆ بکا .

ڕێبوارەکە : جگە لە من هیچ کەسێك لە جیهاندا بەردێکی وا تەلیسماوی نیە ، هیچ شتێك نیە لەم جیهانەدا بەم کردارە سەیرە هەڵسێ خانمەکەم ئەوەی ئێستا لێم دەوێ‌ی ئەوەیە مەنجەڵێکم بۆ بێنی‌و کەمێ ئاوی کوڵاویشی تێکەی .

سی : بە سەر چاو . . جۆن ، تکایە ئەو مەنجەلە پڕکە لە ئاوی کوڵاو .

جۆن : (بەگۆزەیەك هەندێ ئاوی کوڵاو دەکاتە مەنجەڵەکە)

ڕێبوارەکە : (بەردەکە دەخاتە مەنجەڵەکەوە) ئێستا دەمەوێ ئەم مەنجەڵە بخەمە سەر ئاگردانەکە تا بکوڵێ ، نەختێکی کە خۆشترین شۆربام لە بەردەم‌دا دەبێ .

سی : سەیرە ، باشە کاکە ئەوەی خستە مەنجەڵەکەوە بەسە بۆ ئەوەی شۆرباکەی پێ دروست بێ ؟ !

ڕێبوارەکە : بەڵێ : هیچی کەی ناوێ . . بەڵام ڕەنگێ پێویستم بە هەندێ گژو گیا بێ تا خەست تری کاتەوە ، تۆزێ (سلانس) تان لە ماڵا هەیە کە بەکێردێکی مشتێك ڕەش برا بێ .

سی : سلانس ؟ ! نەخێر ، شتی وامان لە ماڵانی‌یە .

ڕێبوارەکە : یاخود کەمێ ڕووەکی (فیرڤان) کە لە کاتی بای شەماڵا چنرا بێ ؟

سی : فیراڤان ؟ ! ئەمە شمان نی‌یە .

ڕێبوارەکە : یان لق دار گوڵی بەهار کە سەرداری ڕووەکەکانە ؟

جۆن : ئەوەتا لە دەرەوە لەلای پەرژینەکە زۆرە ، وا دەچم هەندێکت بۆ دێنم .

ڕێبوارەکە : نەخێر ، خۆت ماندوو مەکە ، لە جیاتی ئەوە نەختێ لەم گەڵا کەلەرمەی تێ فڕێ دەدەم (دوو گەڵا کەلەرمو هەندێ پیاز هەڵدەگرێو فڕێی دەداتە مەنجەڵەکەوە) .

سی : ئەم بەردەت لە کوێ دەستکەوت ؟

ڕێبوارەکە : باشە ، بەم جۆرە دەستم کەوت ، سەگێکی ڕاوکەرم هەبوو ، جارێکیان ، لە دەشت لە گەڵما بوو ، دوای شوێن پێی کەروێشکە کێوی‌یەك کەوتبو . منیش دوای ئەو کەوتم ، تا گەیاندمی‌یە لێواری چاڵێك پڕی لە ووردە بەرد بوو . لەو شوێنەدا دارێکی بچکۆلەی درك داری زرۆك شین دەبوو . . سەگەکەم لەوێدا وەستاو جەستەی کەوتە لەرزین ، کابرایەکی گوڵەی پیر لە پێشیا دانیشتبوو ، پاڵتۆیەکی تووکنی پێچا بووە خۆیەوە ، (تەماشای ئێسقانی ڕانە بەرازەکە دەکا) وابزانم ئەم ئێسقانە یارمەتیم دەدا شۆرباکەی پێ تێك بدەم (ئێسقانەکە هەڵدەگرێو دەیخاتە مەنجەڵەکەوە) .

جۆن : خودایە : ئێسقانی ڕانە بەرازەکە . . خۆ . .

سی : (قسەکەی پێ دەبڕێ) جۆن زمانت بگرە .

ڕێبوارەکە : (بە ئێسقانەکە شۆرباکە تێك دەدات) . . باشە . .

پێم ووتن کە کابرا لەوێدا لە پێش سەگەکەمدا دانیشتبوو ، ئەو کابرا پیرە ، تەماشیم دەکرد . هەندێ جار بە قەد گوێزێك دەهاتە پێش چاووم ، نەختێکی پێ چوو ئەوەندە زل هاتە بەر چاووم سەری لە ئەستێرەکان دەسووی ، وەخت بوو بتۆقم .

سی : ناهەقت نەبووە . . ئێ دوایی .

ڕێبوارەکە : بەردێکی بچووکی دەرهێنا ، ئەم بەردەی کە ئێستا پێمە . . لە گیرفانی پاڵتوکەی دەری هێناو داوای لێ کردم باش تێی ڕوانم ، ئینجا گوتی : «داوا لە سەگەکەت بکە با دوورەوە کەوێ ئینجا ئەم بەردەت دەدەمێ کە شتی سەیرو سەمەرە دەکات ، دەتوانی بیخەیتە مەنجەڵێك ئاوی کوڵاوەوەو تیایدا گڕی دەی بۆ ئەوەی ئارەزووت لەهەر خواردنێکی خۆش بێت بۆتی بکا» نەختێکی کە ئەمەت بۆ دەسەڵمێنم .

سی : بزانە چی لێ هاتووە . . **(سەری دادەنەوێنێ وتەماشای مەنجەڵەکە دەکا)** ئاخۆ ئێستا شۆرباکە چی لێ هاتووە ؟

ڕێبوارەکە : **نا ، نا ، دەترسم بەدبەخت بی ، پەلەکردن هیچمان بۆ ناکا ، پێویستە سەری مەنجەڵەکە داپۆشم ئەڵبەتە دەبێ ڕەنگی ئاوەکەی ناویشی بگۆڕم ، توخوا چنگێ ئاردم لەو کیسەیە نادەیتێ ؟**

سی : (لە لەگەنێکدا هەندێ ئاردی دەداتێ)

ڕێبوارەکە : (ئاردەکە دەڕێژێتە مەنجەڵەکەوە)

جۆن : (بەماناوە) . . . پیاوێکی بەهرەدارە

سی : زۆر بەختەوەرو ئاسوودە دەبم ئەگەر بەردێکی وا سەیرم هەبێ .

(لە پاك کردنەوەی مریشکەکە دەبێتەوە)

ڕێبوارەکە : خانم ، شتێکی دیکەش هەیە دەبێ پێتی بڵێم .

سی : چی‌یە ؟

ڕێبوارەکە : ئەگەر ڕۆژانی هەینی ئەم بەردە فڕێ بدەیتە مەنجەڵێکەوە ، پڕی لە گۆشتی ئێرلەندی بێ دەیکاتە گۆشتێکی ڕەشی تۆخ

سی : ئێجگار سەیرە ، ئەمە بە (تۆم)ی قەشە ڕادەگەیەنم .

ڕێبوارەکە : بەڵام لە ڕۆژانی تری هەفتەدا ئەگەر بەردەکە لەگەڵ هەر جۆرە گۆشتێکی تردا دابنێی ئەوا نە تامی دەگۆڕێ نە ڕەنگی .

سی : بە ڕاستی ؟ !

ڕێبوارەکە : بەڵگەش بۆ قسەکەم ئەمەیە کە ئێستا لە پێشتدا دەیکەم . .

بۆ نموونە ئەو مریشکەی دەستت ، ئێستا دەیخەمە مەنجەڵەکەوە تۆش بە چاوی

خۆت دەبینی دوای چەند دەقیقەیەك چی لیّ‌دیّ . . تەماشاکە .

(مریشکەکە هەڵدەگریّ‌و دەیخاتە مەنجەلەکەوە)

جۆن : کرداریّکی جوانە . . لە رۆژیّکی وەك ئەمرۆدا زۆر جوانە .

سبی : (بە نارەزاییەوە) . . جۆن دەبیّ خۆت بگریّ‌و قسە نەکەی . . نەکەی قسەکەی پیّ ببری دوای ئەکێشم بە سەرتا .

جۆن : بمبەخشە ، بەردەوامبە ، ئیتر هیچ قسە ناکەم .

سبی : (هەڵدەستیّ) کاکە ئیستا با مریشکەکە لە مەنجەلەکە .

ریّبوارەکە : نەخیّر خانم ، دەبیّ خۆم یارمەتیت دەم ، بەم کارەت ئازار بە دەستی خۆت دەگەیەنی ، تۆزیّکی کە مریشکەکەت بە سپیّتی پیشان دەدەم ، وەك پیّستی خۆت سپی . . خانم نابیّ دوو گوڵ لە مەنجەلیّکدا بکەونە زۆران .

سبی : سوپاس بۆ تۆ .

ریّبوارەکە : پەلەمەکە ئەی ئەو خانمەی کە جوانییەکەت چەندها گەنجی خستۆتە سەماو گۆرانی .

سبی : بە راستی ؟ !

ریّبوارەکە : بیّ گومان .

سبی : چۆن ؟

ریّبوارەکە : گویّ لەم برگەیە بگرە :

پستن . . پستی فەنلەندی . . تاقە هیواکەم . دڵم پیّشکەشت بیّ ، دەبمکە بەئیسك‌و پیّست .

سبی : بۆ پیّم دەڵیّت پیستن ؟ !

ریّبوارەکە : دەتەویّ وات پیّ نەڵیّن ، حەز دەکەی ناوە راستەقینەکەت بخەنە گۆرانییەوە ؟ ئەگەر وەك تۆ دەتەویّ وا بکەن ئەوا کیّنە لە دەروونی ئەو کەسەدا دەچیّنن کە خۆشی دەویّ ، لەوانەشە گۆرانی بیژەکان بکوژیّ .

سبی : راست دەکەی کاکە ، لەوانە بوو ئەوە رووی بدابا .

ریّبوارەکە : جاریّکیان بە تەك ئەو پیاوەوە وەستابووم کە ئەم گۆرانییەی دانا ، بە قەڵەمە کۆنیّکی کابرایەکی دارتاش دەینوسیەوە . . فرمیّسك لە چاوەکانیەوە وەك باران ریژنەی بەستبوو . .

سبی : چی‌ی نووسی ؟ !

ریّبوارەکە : ستنی فەنلەندی . . تاقە هیواکەم دڵم پیّشکەشت بیّ بمکە بە ئیسك‌و پیّست ، پیّکیّك بە کرنۆشەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەمدا دەخۆمەوە .

لە نیّوان دوو پیپ‌دا (لە مەیخانەدا)

ئۆرۆ ئۆرۆ

سبەی ئیّوارە دەرگاکە دەشکیّنم

سبی : زۆر جوانە . . (دەیەویّ مریشکەکە لە مەنجەلەکە دەربیّنیّ ریّبوارەکەش نایەڵیّ .)

ریّبوارەکە : چاوەروانی بە تاگویّت لە کۆتاییەکەی بیّ . **(گۆرانی دەڵیّ)** تەنیا بە تەنیا حەوت شەو پاڵم لیّ‌دایەوە .

لە نیّوان دوو داری بچۆلەدا لەبەر باراندا بیرم کردەوە لە ریّگادا فیکەیەك بۆ هیواکەم بکیّشم

بیّ هوودە فیکەم کیّشاو ، کیّشاو ، کیّشا ئۆرۆ . . ئۆرۆ . .

(رستەیەك دووبارە دەکاتەوە (سبی) ش لەگەڵیا دەکەویّتە گۆرانی ووتن

سبی : (بە جۆن) من دەزانم هەمیشە لە باشیش زیاترم بۆ تۆ .

جۆن : باشە : (لە دڵی خۆیا) ئەو ژنە بە ستەزمانەی سرکرد .

سبی : (بەریّبوارەکە) ئیستامریشکەکە لە مەنجەڵەکە دەرناهیّنی ؟

ریّبوارەکە : (مریشکەکە لە مەنجەڵەکە دەردەهیّنیّ دوای ئەوەی باش تیّ‌ی دەگوشیّ) .

ئەوەتا خانم . . باش سەیری کە **(لەسەر میّزەکەی دادەنیّ)**

جۆن : (بەتەوسەوە) ئیستا شۆرباکە چۆنە ؟

ریّبوارەکە : **(بە کەوچکەکە دەیچیّژیّ)** . . خۆشە ، هەمیشە خۆشە . .

سبی : با منیش تامی کەم .

ریّبوارەکە : (بە جۆن) . . پاتیلەیە شتیّکم بدەریّ تۆزی شۆربای تیّکەم با ئەم ئافرەتە ئاسمانییە تاقکا .

جۆن : (کووپیّکی دەداتیّ) . .

ریّبوارەکە : (گوویەکە لە شۆربا پر دەکاو دەیداتە سبی ؟

خانم تامی کە .

سبی : (تامی دەکا) . . تام‌و بۆنی خۆشە شتیّکی جوانە . . من هەموو جیهان‌و هەر چیم هەیە دەیدەم لە پیّناوی ئەوەی ئەم بەردە سەیرەم چنگ کەویّ کە هەموو ئەمانەی دووستکرد .

ریّبوارەکە : خانم ئەمە بە هەموو جیهان نایەتە کرین ، لۆرد (لوتنت) قەڵای دبلنی دامیّ نەمدا . ئەمە لە میّژدا بوو (هەر نەختیّ) جاریّ لە شۆرباکە دەخواتەوە) .

سبی : بە هەرچی شیّوەیەك بیّت دەتوانین لیّ‌ی بسیّنین ؟

ریّبوارەکە : نەخیّر ، ناتوانی ، لەم جیهانەدا کەس نیە بتوانیّ ! بەلاّم تەنیا شتیّك هەیە کە لەوانەیە وام لیّ بکا وازی لیّ بیّنم ئەگەر چی بە نرخیش بیّ .

سبی : چی‌یە ؟ بلیّ چی‌یە ؟

ریّبوارەکە : (ئەویش بەد بەختی خۆمە کە لە کۆڵم نابیّتەوە و بەرۆکم بەرنادا ، هەر

چەند ئەكەمو ئەكۆشم ناتوانم مەنجەلێك لە ماڵا بۆ خۆم بپارێزم هاوسێكانم داوام لێ دەكەنو لێم دەپارێنەوە . . هەر چۆنێك بێت من بۆم ناكرێ مەنجەلێك لەماڵا بۆ خۆم بپارێزم .

سی : سەیرە .

رێبوارەكە : لەم دوایی‌یەدا مەنجەلێكم كڕیبوو ، دراوسێكانمان داوایان لێ‌كردم تا چێشتی تیا لێ بنێن بۆ میوانەكانیان . كوتێكیان تێ‌كرد ئیتر منیش وام بە باش زانی نەیهێنمەوەو بیدەم بە خۆیان چونكە كەڵكی ئەوەی نەمابوو ئاوی تیا بكوڵێنم پێش ئەو مەنجەلەش یەكێكی دیكەم هەبوو ، شەوێكیان بە ئیشێ دەرچووم ، خستمە ناو دەوەنەكەوە . منالانی گەڕەك وایان زانیبوو گەنجینەی تێدایە كەچی لە تۆكلە هێلكە زیاتر هیچیان تیا دەست نەكەوتبوو بەلام لەگەڵ ئەوەشا هەڵیان گرتبوو بردبوویان . ئەو مەنجەڵەكەی كەش . . (نارەزایی دەنوێنێ) . . ئی‌ی . . **(دوو سێ هەنگاو دەڕواو ئینجا دادەنیشێ)** . .

سی : كاكە پێویست ناكا خۆ نائومێدكەی ، هەرچۆنێك بێت . دەتوانی بەردەكەم بدەیتێ ، منیش مەنجەڵێكی جوانی بۆ دروست دەكەم . من لە پێناوی ئەو بەردەدا هەر چیت دەوێ دەیخەمە بەر دەستت .

رێبوارەكە : (لەبەرخۆیەوە) دەبێ بە زووترین كات مەسەلەكە ببڕێتەوە ، هەر ئەوەندەت زانی میوانەكەیان هات (هەڵدەسێو ئینجا ڕووی دەمی لە سی دەكا) . . بە داخەوەم . . ناتوانم . . هەرگیز ناتوانم . . دەبێ هەر ئێستا بڕۆم ، ماوەم نی‌یە لەمە زیاتر لێرە بمێنەوە . . ئێوارەیەكی شاد .

سی : تكات لێ دەكەم ، یارمەتیم بدە .

رێبوارەكە : دەوەستێ . . تەماشای دەرەوەی دەرگاكە دەكا ئینجا لە پڕ وەر ئەچەرخێ) باشە . .

سی : (دەپاڕێتەوە) . . تكات لێ دەكەم .

رێبوارەكە : نا ئارام مەبە . . بەلام چی‌یە كە دەتەوێ بمدەیتێ ؟
ئایا بای ئەم بەردە دەبێ .

سی : (بە سەرسامی‌یەوە) . . خودایە . .

جۆن : چاك وایە بەردەكەی بەلایەنی كەمەوە . بۆ ماوەی ڕۆژێك بۆ بەجێ بێلی تا بە خۆی تاقی بكاتەوە . ئینجا .

رێبوارەكە : **(قسەی پێ دەبڕێ)** وابزانم من جارێكی تر لێرەوە تێپەڕ نابم .

جۆن : بەلام .

رێبوارەكە : (قسەكە بە جۆن دەبڕێو ڕووی دەمی لە سی دەكا) خانم ، تۆ مرۆڤێكی ئەوەندە باش‌و میهرەبانی‌و بە باشی لە گەڵما ڕەفتارت كرد . لەبەر هەموو ئەمانە فەرموو ئەوە بەردەكەو هیچیشم ناوێ ، بۆ خۆت ئاواتێ ژیانێكی بەختەوەر بۆ دەخوازم‌و هیوادارم بە بەكارهێنانی بەختەوەر بی . . (بەردەكەی دەداتێ)

سی : (بەدڵخۆشی‌یەوە) گەورەم تۆ پیاوێكی مەزنی ، لەم ماڵە هەر چیت دەوێ بیبە .

رێبوارەكە : نەخێر خانم ، بەلام لەوانەیە هەندێ خواردن ببەم چونكە لە ڕێگا پێویستم پێ‌ی دەبێ) شاری (تەبیر) دوورەو تا نیوە شەو نایگەمێ .

سی : ڕاست دەكەی .

رێبوارەكە : باشە . . مریشكەكە هەڵدەگرێو دەیخاتە كیسەكەیەوە) . . ئێستاش هیوادارم پێت ناخۆش نەبێ ئەگەر داوای ئەم بوتلە شەرابەت لێ بكەم . . تۆ خۆت دەتوانی بەم بەردە زۆری لێ دروست بكەی .

سی : بەڵێ گەورەم . .

رێبوارەكە : (بوتلە شەرابەكە هەڵدەگرێو دەیخاتە كیسەكەیەوە)

جۆن : تۆ شایستەی هەموو شتێكی . . بەڵێ هەموو شتێك چونكە پیاوێكی گەلێ بەهرەداری .

رێبوارەكە : (بەرەو دەرگاكە دەڕواو دەچێتە دەرەوە)

جۆن : (دوای دەكەوێ بۆ دەرەوە)

سی : (بەردەكە لە دەستیا وەردەگێڕی) . . خۆشترین مەی هەر وەكو خۆی گوتی . . هەموو خەڵك دێنە سەیری ئەم شتە سەیرە ، دەولەمەند دەبم . . بەڵێ ئەو پەڕی دەوڵەمەند دەبم . . (بانگ دەكا) جۆن جۆن لە كوێ‌ی ؟

جۆن : (دێتە ژوورەوە)

سی : جۆن لە كوێ بووی . ؟

جۆن : ڕوێشتم بەرێ‌ی بخەم . . بەڕاستی پیاوێكی بەهرەدارە .

سی : وایە جۆن .

جۆن : میوانەكەمانم لە دوور چاو پێ‌كەوت . . وا بەرەو ئێرە دێ بۆ شێوكردن . . چاك وایە بەردەكە بخەیتە مەنجەلەكەوە . تا خواردنەكە ئامادەكەی .

(گوێ‌ی لێ‌یە لە دەرگاكە دەدرێ)

جۆن خۆیەتی میوانەكەمان . . **(بە تەوسەوە)**

بەردەكە بخەرە مەنجەڵەكەوەو خواردنەكە ئامادە بكە .

لە گۆڤاری (الاقلام)
ژمارە ٦ سالی ١٩٧٩
وەرگێراوە